وەزارەتی بەرگریی عێراق: بنکەی ئاسمانی کەرکوك بڕدومان کرا



وەزارەتی بەرگریی عێراق رایدەگەیەنێت، بنکەی ئاسمانی کەرکوك بڕدومان کراوە لەکاتکدا بنکەیەکی تەواو عێراقییەو کەمەك فڕکەی عێراقی تێدایەو هیچ کادرێکی بیانی لێ نییە.
دەشێت، کردنەی ئامانجی ئەم بنکەیە، دەستدرێژییەکی راستەوخێیە بۆ سەر توانا فڕکەوانییەکانی سوپای عێراق.

وەزارەتی بەگریی عێراق، ئەمشەو چوارشەممە، لەی راگەیەندراوێکدا وتی، هێرشکرایەسەر بنکەی ئاسمانی عێراق، بەهۆی ئاگر لەنیو بنکەکەکەوتەوەو تیمەتەکنیکییەکان توانیان ئاگرەکەکنترۆل بکەن و رێگری بکەن لەی فراوانبونی زیانەکانی و کەوتنەوەی زیانی گیانی.

وەزارەتەکەی وتوشیەتی، بنکەی ئاسمانی کەرکوك، بنکەیەکی تەواو عێراقییەو کەمەك فڕکەی عێراقی لەخدەگرێت و تەنیا کادری عێراقی لەی فڕکەوان و تەکنیکاران لەی بنکەکەن و هیچ کادر یاخود سەربازێکی بیانی لێ نییە.

جەختیشی کردەتەوە، کردنە ئامانجی ئەو بنکەیە، دەستدرێژییەکی راستەوخێیە بۆ سەر توانا فڕۆکەوانییەکانی سوپای عێراق و هەڕەشەی زیانگەیاندنی گەورەیە بە سیستمی ئاسمانی.

ئەوەشی وتوە، ئەم دەستدرێژیانە تەنیا دامەزراوە سەربازییەکان ناکەنە ئامانج بەڵکو هەڕەشەکن بۆ لاوازکردنی دەسکەوتەکان و توانا بەرگرییەکانی عێراق کە ئەوەش کارێکی
ڕەتکراوەیەو پێویستی بە وەستاندنەوەی تونده بەرامبەر هەر کەسێك کە دەیەوێت زیان لە ئاسایش و سەروەریی وڵات بدات.